هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی
بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

اقليم كوردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الإدارية والمالية
مديرية الحسابات


ژمـــارە : ٧٠٥٨
ڕێکەوت : ١٠ / پوشپەڕ / ٢٧١٢ ی کوردی

No :
Date: ٢٠١٢/٧/١

"بڕیار"

لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی بە نوسراویان ژمارە (٨١٥٩) لە ٢٠١٢/٥/٢٧ و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (٥) لە ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٢٣ تایبەت بە پەسندکردنی پلان و بەرنامەی کاری وەزارەتی تەندروستی (کابینەی حەوتەم)

بڕیارماندا بە :

١) خەرجکردنی بڕی (١٢٠،٠٠٠)(تەنها سەد و بیست هەزار دینار) ڕۆژانە بۆ هەر پزیشکێکی پسپۆڕ کە کاری نیشکگری ئەنجام دەدات لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و بەشی فەریاکەوتن لە نەخۆشخانە گشتیەکان بەم مەرجانەی خوارەوە:ـ

أ) پابەندبوونیان بە ئێشکگرییەتی ڕۆژانە وە بوونیان لە نەخۆشخانە گشتیەکان و بەشە فریاکەوتنەکان دوای دەوامی فەرمی لە کاتژمێر (٢) ی پاش نیوەڕۆ تاکو دەوامی ڕۆژی داهاتوو کاتژمێر (٨) ی بەیانی دەوام بکات.

ب) لە ڕۆژانی هەینی و پشووی فەرمییەکان بۆ (٢) دوو پزیشکی پسپۆڕ ئەو پارەیە خەرج بکرێت

ج) نابێت پزیشکی پسپۆڕی ئێشکگر شوێنی کارکردنی خۆی بە جێ بهێڵێت بە هەر هۆیەک بێت (تەنها بە بەدیلی هەمان پسپۆڕ بێت).

٢ ـ نابێت بە هەر شێوەیەک مانگانە پارەی ئێشکگری بۆ هەر پزیشکێک لە (١٢٠٠٠٠٠)(تەنها یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار) تێپەڕ بکات .

٣. وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ دیاری کردنی مەرج و ضوابطەکان و ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە دەردەکات.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

وێنەیەک بۆ:

- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ ب.گ.ژمێرکاری/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی تەندروستی/ نوسراوتان لەسەرەوە بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.


Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail:cm@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ — ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+


منفی ٢٠١٢/٠٦/٢٨